## فایلی تایبەت



ئابروچونە تابۆکانی ژیانی ئارسەر رامبۆ



رامبۆی شۆڕشگێڕ



رینییە شار لەبارەی رامبۆوە دەنوسێت






# ئارسەر رامبۆ

ئا: ڕێبین مەجید

×ئارسەر رامبۆ لە ڕۆژی 20 ئۆکتۆبەری ساڵی 1856دا لە شاری شارۆل ویلی فەرەنسا لە دایک بوو، باوکی فردریک رامبۆ سەربازی تۆپخانە و دایکی ماری کاترین ڤیتالی کۆیف لە خانەوادەی دەرەبەگەکان بوو، لە تەمەنی 14 ساڵیدا بەبێ ئاگاداری ماڵەوە بەرەو پاریس چوو، لەبەرئەوەی بە بێ بلیت سواری شەمەندەفەر ببوو چەند ڕۆژێک لە پاریس زیندانی کرا و گەڕێندرایەوە بۆ ماڵی باوکی.

×لە تەمەنیدا سەرکەوتنێکی درەوشاوەی لە خوێندندا بە دەستهێناو چەند خەلاتی گرنگی بەو هۆیەوە وەرگرتوە.

×لەگەڵ پۆل ڤۆرلن شاعیری بەناوبانگی فەرەنسا پەیوەندیەکی دۆستانەی سەرسورهێنەری هەبوو بە جۆرێک کە پۆل ڤۆرلن هاوسەر و منداڵەکەی بەجێهێشت و لەگەڵ رامبۆ چوو بۆ بەریتانیا.

× لە سالی 1868دا یەکەم شیعرەکانی بە زمانی لاتینی هۆنیەوە.

×ساڵی 1871 سێ پارچە لە شێعرەکانی لە لایەن مامۆستایەکیەوە چاپکرا خەلاتێکی بردەوە.

×لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی 1970دا بۆ یەکەمجار شیعرەکانی بە زمانی فەرەنسی بڵاوکرانەوە.

×لە ڕۆژی 18ی ئازاری ساڵی 1871دا کۆمۆنی پاریس پێکهێنرا و ئارتۆر رامبۆ لە ڕۆژی 23ی نیسانی ئەو ساڵەدا چووە ریزی کۆمۆنی پاریسەوە.

×رامبۆ لە قۆناغی کورتی ژیانیدا گەشتی بۆ زۆربەی وڵاتانی جیهان لەوانە، بەریتانیا، ئەڵمانیا، بەلجیکا، هۆڵەندا، ئیتالیا، نەمسا، هۆلەندا، ئیندۆنیزیا، قوبرس، میسر، یەمەن، حەبەشە ئەنجامداوە.

×لە سەر شێوازی سەمبولیزم شیعری هۆنیوەتەوە و کە گرنترین بەرهەمەکانی ئەمانەنە

1871 بەلەمی سەرخۆش – Le Bateau ivre

1873 وەرزێک لە دۆزەخدا Une Saison en enfer

1874 درەوشاوەکان les Ilhuninations

1883 راپۆرتی سەفەرەکەی بۆ ناوچە نەناسراوەکانی ئۆگادن لە حەرارە

×لە تەمەنی 27 ساڵیدا بە هۆی هەبوونی غودەیەکی شێرپەنجە قاچی راستی برایەوە و چەند مانگ دواتر لە 10 نۆڤەمبەری 1891 کۆچی دوایی کرد.